# سروشتی فەرمانڕەوایی لە عێراقی هاوچەرخدا: پیادەکردنی چەمکەکانی دەستەڵات و توندوتیژی لای هانا ئارێنت

# The Nature of Governance in Contemporary Iraq: applying Hannah Arendt›s concepts of power and violence

د. هێمن نامق جەمیل
م. هۆشەنگ دارا حمە امین
[زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان]
Dr. Hemn Namiq Jameel
Hoshang Dara Hama Ameen
Department: Politics and International Relations
Faculty: Political Science and Management
University: Soran University
hemn.jameel@soran.edi.iq
hoshang.hama@soran.edu.iq

## پوختە:

هانا ئارێنت، لە کتێبی ‹سەبارەت بە توندوتیژی›، لە نێوان دەسەڵات و توندوتیژیدا جیاوازی دەکات. ئەو، بە پێچەوانەی زۆرێک لە بیریارانی سیاسییەوە، لەو باوەڕەدایە کە ئەم دوو چەمکە هاوواتای یەکتر نین، بەڵکو تەواو جیاوازن و سەرچاوە، بەکاربەر و ئامانجیشیان جیایە. ئارێنت ڕوونی دەکاتەوە کە دەشێت دەسەڵات توندوتیژی یان توندوتیژ دەسەڵات بەکار ببات، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو دوو چەمکە هاوواتان، بەڵکو هەریەکەیان تایبەتمەندیی ڕەوتێکی دیارە. بە بڕوای ئارێنت، فەرمانڕەوای شەرعی، دەسەڵات و تەوژمی دەرەوەی فەرمانڕەواییش، توندوتیژیی بەکار دێنێت. ئەو دان بەوەشدا دەنێت کە دەشێت دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی، یان لە ترسی دارمانی، پەنا بباتە بەر توندوتیژی، بەڵام لەو باوەڕەدایە کە ئەم جۆرە لە بەکاربردنی توندوتیژی، با لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواشەوە بێت، شەرعییەتی نییە و شەرعییەتی دەسەڵاتیش دەباتە ژێر پرسیارەوە. عێراقی دوای ٢٠٠٣ نموونەی وڵاتێکە کە زیاد لە جەمسەرێکی هێزی تێدایە. لەلایەك دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەسەڵات و هێزی شەرعی و دامەزراوەییان هەیە و بە یاسا توانای مۆنۆپۆلکردنی ‘توندوتیژیی دەوڵەتی›یان هەیە، بەڵام هاوکات لە بەکاربردنی توندوتیژی نەسڵەمیونەتەوە؛ لەلایەکی دیکەش تاقم و تەوژمەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش هێزی دیفاکتۆیان هەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە لە ڕۆڵگێڕانی دەوڵەتی و دامەزراوەییدا کاران، بەڵام توندوتیژیش یەکێکە لە میکانیزمەکانیان بۆ کارتێکردنی زیاتر لە دەسەڵات و وەك بنەما نەك وەك بژاردەی دووەم لێیان ڕوانیووە و پەیڕەویان کردووە. لەم چوارچێوەیەدا، هەوڵدەدرێت هەردوو چەمکی دەسەڵات و توندوتیژی لای ئارێنت لە عێراقی ئەمڕۆدا پیادە بکرێن و شرۆڤەی ئەوە بکرێت کە ئەوەی لە عێراقدا فەرمانڕەوایی پێدەکرێت دەسەڵاتە یان توندوتیژی، ئایا فەرمانڕەواکانی عێراق توانیویانە پشت بەو میکانیزمانە نەبەستن کە یاخیبوان پشتی پێدەبەستن و دواجار ئایا ئەوەی لە سیستەمی دەوڵەتداریی عێراقدا قسەی دوایین دەکات، دەسەڵاتە یان توندوتیژی. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی تیۆری، کە هەمان تیۆرەکەی هانا ئارێنتە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات لە توندوتیژی، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە دەدات و ئامانجیەتی لەم ڕێگەیەوە سرووشتی هێز، دەسەڵات و توندوتیژی لە عێراقی هاوچەرخدا شرۆڤە بکات.

## بەشی یەکەم: میتۆدۆلۆژی و دەروازەی تیۆریی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

دەسەڵات لە مێژووی عێراقدا لەوەتەی وەکو دەوڵەتێکی نوێ لە پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دروست بووە، بەردەوام کێشەی زۆری هەبووە. حکومەتەکانی عێراق فۆرمی جۆراوجۆری توندوتیژیان بەرامبەر بە خەڵکی خۆیان و وڵاتانی دەوروبەر بەکارهێناوە. دۆخەکە لە روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە وەکو دۆخێکی نوێ یان سەرەتای مێژوویەکی نوێ لە عێراق پێناسە کراوە. رووداوەکانی ئەو مێژووە نوێیە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەست بووە بە دەسەڵات و بەکارهێنانی توندوتیژی، رەنگە فۆرمی دیکەی وەرگرتبێ بەڵام لە ناوەڕۆکدا گۆڕانکاری جەوهەری گەورەی بەسەردا نەهاتووە. ئەم توێژینەوەیە کار دەکات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی زانستی لەبەر رۆشنایی تیۆرەکانی هانا ئارێنت بۆ ئەو دۆخە نوێیە و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و توندوتیژی پێشکەش بکات. لە دوای خوێندنەوەی ئەو توێژینەوەیە هەندێ تێڕوانینی روونتر دەربارەی ماهیەتی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی لە گەڵ توندوتیژی بە گشتی، هەروەها لە چوارچێوەی کەیسی عێراقدا، بۆ دەردەکەوێ.

### گرنگیی توێژینەوەکە:

یەکێک لە بایەخەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی تیۆری روون دێنێ بۆ ئەوەی لە دۆخی شێواو و ئاڵۆزی عێراق نوێ تێبگات. هەروەها هەوڵی لێکجیاکردنەوەی ئەو تێکەڵی و ئاڵۆزیە دەدات کە چەمکەکان و دەستەواژەکان لەو وڵاتەدا دووچاری هاتوون. لە لایەکی دیکە ئەم توێژینەوەیە کاراکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە عێراقی نوێ پۆلێن دەکات و ئاماژە بە رۆڵیان دەکات لە گۆڕەپانەکە و مەودای کار و تێکەڵیان لە گەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت و کاریگەریان بەسەر یەکتری تاوتوێ دەکات. ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە سەرچاوەکانی توندوتیژی تێبگەین و لە هۆکارەکانی لاوازی پێگەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی بکۆڵینەوە.

### پرسیارەکانی توێژینەوە:

توێژەران لەوەدا ناکۆک نین کە رێژەی توندوتیژی لە عێراقی نوێدا یەکجار بەرزە. بۆیە ئەمە وەکو راستیەکی پێشوەختە زانراو لەم توێژینەوەیەدا مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ. هەروەها لەوەشدا ناکۆکی نیە کە دەسەڵات و دامەزراوەکانی لە عێراقی نوێدا سەقامگیر نین و ئیشە بنەڕەتییەکانی خۆیان ناکەن و کێشەی ریشەییان هەیە، ئەمەش دیسان پشت ئەستوورە بە سەدان راپۆرت و لێکۆڵینەوەی زانستی و وەکو دەرەنجامێکی زانراو لێرەدا مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

چوارچێوەی تیۆری هانا ئارێنت بۆ چەمکەکانی دەسەڵات و توندوتیژی چیە؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دیدەی ئارێنت، ئایا لە عێراقی نوێدا دەسەڵات یان توندوتیژی باڵادەستە؟

لە پاڵ ئەم پرسیارە سەرەکییانە، توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی هەندێ پرسیاری لاوەکی بداتەوە وەکو:

کاراکتەرە کاریگەرەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێ کامانە؟

ئەو هۆکارانە چین کە بوونتە هۆکاری زۆربوونی توندوتیژی و لاوازبوونی پێگەو کاریگەری دامەزراوەکانی دەسەڵات.

## میتۆدۆلۆژی:

ئەم توێژینەوەیە لەبەر رۆشنایی تێزەکانی هانا ئارێنت دەربارەی دەسەڵات و توندوتیژی کە لە کتێبەکانی پێشکەشی کردوون، لێکدانەوە بۆ دۆخی سیاسی عێراقی نوێ، کە دەکاتە ڕووداوەکانی دوای ٢٠٠٣، دەکات. داتاکانی ئەم توێژینەوەیە داتای لاوەکین Secondary sources و لە کتێب و راپۆرتی دامەزراوەکانی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی توێژەرانی دیکە وەرگیراون و لێرە بۆ پاڵپشتی کردن لە ئارگومێنتەکان و بەراوردکردنیان بەکار هێندراون.

## ستراکچەر:

لە دوای بەشی پێشەکی، ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی دیکە پێک هاتووە. لە بەشی دووەمدا دیدی ئارێنت بۆ پرسەکانی دەسەڵات و توندوتیژی دەخرێتە ڕوو. لەو بەشەدا باس لەوە دەکرێ کە چۆن ئارێنت هەڵسەنگاندن بۆ دید و پێناسەی زانا و لێکۆڵەرانی پێشخۆی دەکات کە بەشێکی دیاریان ئەو دوو چەمکەیان لێک جیانەکردۆتەوە یان بە سەرچاوە و بەرەنجامی یەکتریان زانیووە. ئارێنت ڕەخنە لەو دیدانە دەگرێ و تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەخاتە ڕوو کە بریتیە لە جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە بە جۆرێک دەسەڵات ناکرێ توندوتیژی بۆ مانەوەی خۆی بەکار بهێنێ ئەگەر بیەوێ وەکو دەسەڵاتێکی ڕەوا بمێنێتەوە. هەر لەو بەشەدا بە وردی باس لە جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو چەمکە و سەرچاوە و ئامرازەکانیان دەکرێ. بەشی سێیەم تایبەتە بە دۆخی دەسەڵات و توندوتیژی لە عێراقی دوای ٢٠٠٣و بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە. باسی یەکەم تایبەتە بەو ئەکتەرانەی لە دوای گۆڕانکارییەکان لە عێراق کەوتنە ڕۆڵ بینین لە گۆڕەپانی عێراقدا و بەشی هەرەزۆریان توندوتیژیان بە فۆرمی جۆراوجۆر بەکارهێنا تا ساڵی ٢٠١١ کە ساڵی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق. لە باسی دووەمدا ڕووداوەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەخرێتە ڕوو کە عێراق زیاتر بەرەو بازنەی توندوتیژی مەزهەبی و نەتەوەیی ئاراستەکرد و ئەو دەسەڵاتە لەرزۆکەی دروست ببوو، زیاتر بەرەو توندوتیژی ئاراستەکرد. ئەم بەشە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوەی لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ تا ئەمڕۆ لە ئارادایە زیاتر بە لای توندوتیژی ڕۆیشتووە نەک دەسەڵات وەکو ئەوەی هانا ئارێنت باسی دەکات. بەشی چوارەم تایبەتە بە ئیشکالیەتی ئاوەژووبوونەوەی ڕۆڵە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە عێراقی نوێدا. لەم بەشە هەڵوەستە لە سەر فاکتۆرە دەرەکییەکان دەکرێ و لەوێدا باس لەو ڕۆڵە دەکرێ کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە کاتی دەسەڵاتی کاتیيان لە عێراقدا، بە بێئاگایی یان بە مەبەست، لە فراوانکردنی زەمینەی توندوتیژی گێڕایان. هەروەها باس لە ڕۆڵی دەوڵەتە هەرێمیەکان بە تایبەت ئێران و تورکیا دەکرێ کە بە ڕێگای جۆراوجۆر و بیانووی جیاواز چۆن ئەسپی خۆیان لە مەیدانی عێراقی نوێدا تاوداوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر حسابی سەقامگیری و بەهێزبوونی دەسەڵات لەو وڵاتەدا پاراستووە. هەروەها باس لە فاکتۆرە ناوخۆییەکان دەکرێ کە خۆی لە شکستی دەسەڵاتی نوێ لە عێراقدا دەبینێتەوە لە دۆزینەوە و گرتنەبەری میکانیزمی نوێ کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە دەوری بەرنامەیەکی نیشتیمانی کۆبکاتەوە، هەروەها شکستی ئەو دەسەڵاتە بە هۆی گەندەڵی زۆر و ڕەچاوکردنی سیاسەتی پەراوێزخستن لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی. بەم جۆرە دەسەڵات لە عێراقی نوێدا شکستی هێناوە لە بەدەستهێنانی متمانە و شەرعیەتی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ خەڵک.

بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە خستنەرووی ئەو دەرەنجامانەیە کە توێژینەوەی پێی گەیشتووە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە توێژینەوە لە پێناویدا ئەنجام دراوە.

## بەشی دووەم: خوێندنەوەی هانا ئارێنت بۆ دەسەڵات و توندوتیژی

### پێشەکی:

ئەم بەشە هەڵوەستە لەسەر دیدەکانی ئارێنت بۆ پرسەکانی دەسەڵات و توندوتیژی دەکات. هەڵسەنگاندنی ئارێنت بۆ دیدگای توێژەرانی پێش خۆی دەربارەی دەسەڵات هەروەها پەیوەندی لە گەڵ توندوتیژی دەخاتە روو؛ رەخنە لەوانە دەگرێ کە بیانوو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەهێننەوە یان ئەو دوو چەمکە وەکو هاوواتا دەناسن. هەروەها توخمە سەرەکییەکانی دەسەڵات دەخاتە روو لە گەڵ ی توندوتیژی.

هانا ئارێنت (١٩٧٥-١٩٠٦) بیریاری دیاری ناو زانستی سیاسەت لە نووسینەکانیدا و بە تایبەتیش لە کتێبی سەبارەت بە توندوتیژیدا بۆچوونە جیاوازەکانی سەبارەت بە چەمکەکانی دەسەڵات و توندوتیژی دەخاتە روو. کتێبەکە سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٩ لە ژێر ناونیشانی تێرامان لە توندوتیژی و لە شێوەی گوتارێکدا و دواتریش لە ساڵ ١٩٧٠ لە شێوەی کتێبێکدا و بە ناوی سەبارەت بە توندوتیژی چاپ و بڵاو کرایەوە (Arendt, ١٩٧٠). ئارێنت لەم کتێبەیدا ڕەخنە لەو شرۆڤانە دەگرێت کە بۆ چەمکی دەسەڵات کراون و لەو باوەڕەشدایە کە تەواوی بیریاران، لە چەپەوە تا ڕاست، باوەڕیان بەوە هەیە کە دەسەڵات و توندوتیژی دوو چەمکی هاوواتان کە دەکرێت لە تێکستەکاندا شوێنی یەکتر پڕ بکەنەوە یان لە شوێنی یەکتر دابنرێن و لەوپەڕی جیاکاریشدا کە کردبێتیان گوتویانە کە توندوتیژی هیچ نیە جگە لە دیارترین دەرکەوتەی دەسەڵات (Bernstein, ٢٠١١). هەر ئەم تێڕوانینەش، بە بڕوای ئارێنت، بووەتە هۆی ئەوەی کە کەمترین سەرنج بخرێتە سەر باسی جیاکردنەوەی دەسەڵات و توندوتیژی لە یەکتر. ئارێنت دەیەوێت لە سەبارەت بە توندوتیژیدا توندوتیژی لە دەسەڵات جیا بکاتەوە و لەمەشدا سەرکەوتووانە کاری کردووە؛ ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە نوسخەی وەرگێڕدراوی کتێبەکە بۆ زمانی ئەڵمانی بە دەسەڵات و توندوتیژی ناونراوە (Arendt, ١٩٨١).

لە دیدی ئارێنتەوە دەسەڵات هەڵگری واتایەکی ناواخنیی کۆمەڵایەتییانەیە و لە پەیوەندیی و یەکێتیی دڵخوازانەی کۆمەڵە کەسێکەوە سەرچاوە دەگرێت. بەم پێیە توخمە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات بریتی دەبن لە خەڵك، ئیرادە و کاری هاوبەش. ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەسەڵات سروشتێکی بونیاتنەرانەی هەیە و تایبەتمەندیی کۆمەڵە خەڵکی ڕێکخراو و هاوئاهەنگە کە پێکەوە کار دەکەن و لە پشت یەکترن. لەم سۆنگەیەشەوە تاك یان گرووپی پەرشوبڵاو ناتوانن ببنە خاوەن دەسەڵات، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کەس یان ئەو کەسانە لە توخمە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات بێبەشن(Navarro Diaz, & Romero-Moreno, ٢٠١٦). ئارێنت بە پێناسەکانی پێش خۆی بۆ دەسەڵات ڕازی نییە و ڕووبەڕووی ئالنگارییان دەکاتەوە. ئەو پێناسەی ڤۆلتێر بۆ دەسەڵات کە بە ناچارکردنی ئەوانیتر بۆ ئەنجامدانی کارێك بە ویستی من ڕەتدەکاتەوە (Arendt, ١٩٧٠)؛ یان پێناسەی ماکس ڤیبەر کە بە بڕوای ئەو دەسەڵات بریتییە لە سەپاندنی ئیرادەیەك بە سەر ئیرادەیەکی دیکەدا، جا لە ئاستی هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا بێت (Ibid, p.٣٦). ئارێنت بۆچوونی دوجۆنڤیلیش ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت دەسەڵات بە بێ فەرمانڕەوایی و فەرمانبەر واتای نییە (Ibid, p.٧٣). ئارێنت هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێی وایە ئەم جۆرە ناساندنانەی دەسەڵات بەرە بیری ماوی دەچێت کە دەڵێت دەسەڵات لە لوولەی تفەنگەوە دێتە دەر. ئارێنت لە ڕەتدانەوەی ئەمانەدا دەپرسێت، ئەگەر وابێت جیاوازیی چیە لە نێوان فەرمانی ئەفسەرێکی پۆلیس و تاوانکارێکی چەکدارا؟ (Ibid, p.٣٧) لە بەرامبەر هەموو ئەم پێناسانەدا، ئارێنت دەسەڵات دەناسێنێت وەك بەرئەنجامی کاری هاوبەشی خەڵك لەگەڵ یەکدی کە لە حکومەت یان دامەزراوەیەکی متمانەپێکراو و پشتگیریکراودا دەردەکەوێت.

لای ئارێنت دەسەڵات تایبەتمەندییەکی مرۆییە، نەك هەر بۆ ئەنجامدانی کارێك، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی مرۆڤەکان لە دەوری خۆی ئینجا لە پێناو ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش. هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە ئارێنت دەڵێت دەسەڵات تایبەتمەندی تاکەکەسێك نییە، بەڵکو هەمیشە سرووشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و تایبەتە بە کۆمەڵە کەسەوە؛ بەم پێیە دەسەڵات هەمیشە پشت بە فرەیی سەرچاوە مرۆییەکانی دەبەستێت، بە پێچەوانەی توندوتیژییەوە کە پشتئەستوور نیە بە ژمارە، بەڵکو پشت بەو هۆکار یان هۆکارانە دەبەستێت کە لە بەردەستیدان (Ibid,

٥٣.p).

هاوكات، توندوتيژیی پێچەوانەی دەسەڵاتە و هەڵگری سرووشتێكی وێرانكەر و تێكدەرانەیە و ئەو ئامانجانەشی كە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بەدەست دەهێندرێن پێویستییان بە هۆكار و میكانیزمی ترسێنەرانە، ناچاركەرانە و وێرانكەرانە هەیە. ئارێنت وەك یەك سەیركردنی توندوتیژی و دەسەڵات لای زانایانی دیكەی بواری سیاسەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەڵێت ئاستەمە ئەم دوو چەمكە تێكەڵ بكرێن و جیا نەكرێنەوە، مەگەر بۆ كەسێك كە هاوشێوەی كارل ماركس لەو باوەڕەدا بێت كە دەوڵەت ئامرازی سەپاندنی هێز و توندوتیژییە (Ibid, p.١١)؛ لەم حاڵەتەدا، ئەركی دەسەڵاتداری لە دەوڵەت دەسەندرێتەوە و دەكرێتە دامەزراوەیەك بۆ پیادەكردنی توندوتیژی. ئەوەی ئارێنت زیاتر سەرسام دەكات ئەوەیە كە بیریاران نامارکسی و تەنانەت دژە ماركسیش، هاوشێوەی ئەو توندوتیژی و دەسەڵاتیان لێك جیا نەكردوونەتەوە. ئارێنت ڕەخنە لە برتراند دو جۆنڤیل دەگرێت كە جەنگ دەكاتە تایبەتمەندیی دەوڵەت، یان ماكس ڤیبەر كە دەوڵەت بە لایەنی مۆنۆپۆڵكاری توندوتیژیی فیزیكی دەناسێنێت؛ لە وەڵامی ئەم پێناسانەدا ئارێنت دەپرسێت: ئەگەر وا بێت، كەوایە ئایا دەبێت كۆتایی توندوتیژیش بە واتای كۆتاییهاتنی دەوڵەت لێك بدرێتەوە؟ ئایا كۆتاییهاتنی شەڕ واتای كۆتاییهاتنی دەوڵەتان دەگەیەنێت؟(Ibid, p.٣٦).

سەرەڕای جیاكاریی نێوان دەسەڵات و توندوتیژی، ئارێنت بەمە ناوەستێ و لەو باوەڕەدایە كە ئەم دووانە، دەسەڵات و توندوتیژی، نەك هەر لە یەك جیان، بەڵكو ڕووبەڕووی یەكتریش دەوەستنەوە و دژ بە یەكیشن. ئەو پێی وایە لە هەرشوێنێك یەكێك لەم دوو چەمكە هەبێت، ئەویتریان بوونی نابێت (Ibid, p.٥٦). ئارێنت زیاتر ئەمە ڕوون دەكاتەوە و ئاماژە بە تێكەڵییەكی كرداریی، نەك واتایی، لە نێوان ئەم دوو چەمكەدا دەكات و دەڵێت توندوتیژی كاتێك دەگیرێتە بەر كە دەسەڵات لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی كۆتاییهاتن و لەناوچووندا بێت؛ هاوكات ڕەوایەتی بەم بارەش نادات و دەڵێت ئەگەر چارەنووسی دەسەڵات گرێ بدرێت بە بەكاربردنی توندوتیژییەوە، ئەوا دواجار توندوتیژی جاڕی نەمانی ڕەوایەتی دەسەڵات دەدات و سەرەنجامیش دەبێتە هۆی كۆتاییهاتنی دەسەڵات وەك دەسەڵات (Habermas, & McCarthy, ١٩٧٧). لێرەدایە كە ئارێنت دەسەڵات و توندوتیژی بە دوو شتی دژ بە یەكتر ناو دەبات و دەشگاتە ئەو بڕوایەی كە توندوتیژی هیچكات ناتوانێت دەسەڵات بەرهەم بهێنێت، بەڵكو دەتوانێت لەناوی ببات.

ئارێنت لە بەرامبەر ئەوانەدا كە توندوتیژی بە دیارترین دەركەوتەی دەسەڵات ناو دەبەن دەنووسێت كە ئەوەی لە لوولەی تفەنگەوە دێتە دەر، دەتوانێت ببێتە فەرمانێكی كاریگەر، كە فەرمانبەرێك ناچار بكات جێبەجێیی بكات، بەڵام، وەك ئارێنت دەڵێت، دەسەڵات هەرگیز لە لوولەی تفەنگەوە نایەتە دەر. بەڵكو ئەوە توندوتیژی، زەبر، هێز، ناچاركردن و دواجار زۆر و زەنگە كە لە لوولەی تفەنگدا خۆی بەیان دەكات. بە بڕوای ئارێنت، ناتوانرێت بۆ باسكردنی چییەتی دەسەڵات پشت بە باسكردنی توندوتیژی ببەسترێت، چونكە دەسەڵات پێویستی بە كەشێكی ئاشتییانە و متمانەی دوولایەنە هەیە، ئەمەش بە پێچەوانەی توندوتیژییەوە كە كەشێكی پڕ لە ترس و دڵەڕاوكێ و بێمتمانەیی دەخوڵقێنێت و لە وەها كەشێكیشدا گەشە دەكات (Arendt, ١٩٧٠).

ئارێنت دواتر لە كتێبەكەیدا دێتە سەر باسی دەسەڵاتی حكومەت و دەنووسێت ئەوەی كە دەسەڵات دەبەخشێتە یاسا و دامەزراوەكانی وڵاتێك بریتییە لەو پاڵپشتییەی كە خەڵكی ئەو وڵاتە بۆ حكومەت هەیانە، دەریدەبڕن و پێیەوە پابەند دەبن. ئەو دەشڵێت ئەگەر حكومەتێ پشتیوانی خەڵكی خۆیی لە دەست دا، ئەوا بە شێوەیەكی یاسایی دەسەڵاتی خۆیی لە دەست دەدات، بە جۆرێك كە دەسەڵاتی لەدەستچوو بە هیچ ڕێگا و هۆكارێك، تەنانەت بە توندوتیژیش، ناگەڕێتەوە بۆ حكومەت، مەگەر ئەوەی حكومەت بتوانێت دەسەڵات بۆ سەرچاوە یەكەمی و ڕەسەنەكەی، كە بریتییە لە پشتیوانی و متمانە و هاوئاهەنگیی خەڵك، بگەڕێنێتەوە (Ibid, p.٤١). ئارێنت نموونەی ئەو حكومەتانەش دێنێتەوە كە بۆ بەدەستخستن یان بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات هەوڵی گرتنەبەری ڕێگاكانی توندوتیژی دەدەن و ئەمە بە هەڵەیەك ناودەبات كە بە هۆیەوە خودی دەسەڵات بە یەكجاریی لە ناو دەچێت و ئەوەی ئەوان دەستیان دەكەوێت بریتی دەبێت لە توندوتیژی، نەك دەسەڵات؛

واتە توندوتیژی جێگەی دەسەڵات دەگرێتەوە و حکومەتیش کە دامەزراوەی دەسەڵاتە دەبێتە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی توندوتیژی بە سەر خەڵکدا، کە ئەمەش پێچەوانەی سرووشتی دەسەڵاتە کە بریتی نییە لە سەپاندنی هێز بەسەر خەڵکدا بەڵکو بریتییە لە پەیداکردنی توانا لە ڕێگەی خەڵکەوە، نەك بەسەر خەڵکەوە (Frazer, & Hutchings, 2008).

ئارێنت ئاماژە بەوەش دەدات کە دەتوانرێت توندوتیژی بخرێتە شوێنی دەسەڵات و سەرکەوتووش بکرێت، بەڵام هیچکات ناتوانرێت ئەمە بە ئاسانی و بە بێ باجدانی قورس ئەنجام بدرێت، باجێك کە نەك هەر خەڵك بەڵکو خودی فەرمانڕەواش دەیدات و دواجاریش هەردوولا دۆڕاوی ئەم هەژموونە توندوتیژین بە سەر دەسەڵاتدا و هیچکاتیش ناتوانرێت ڕەوایەتی بەم کارە بدرێت، چونکە هیچکات ناتوانرێت توندوتیژی وەك دەسەڵات پێناسە و پیادە بکرێت (Arendt, 1970, p.52). ئارێنت پشتبەستنی دەوڵەت بە توندوتیژی بە لەخۆنامۆبوونی دەوڵەت ناودەبات و لەو باوەڕەدایە ئەگەر دەوڵەت لە بری هێزی پێکهاتوو لە کۆبوونەوەی خەڵك لە دەوری کارێکی هاوبەش پشت بە ئامرازێکی توندوتیژی ببەستێت، ئەوە ئەو دەوڵەتە لە ڕێی ڕاستی خۆی دەرچووە و دوچاری لادان بووە و ئەمەش ئەنجامی لەدەستدانی سەرچاوەکانی دەسەڵاتیەتی کە دەیەوێت بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی توندوتیژی خۆی بهێڵێتەوە؛ بەڵام بە گوتەی ئارێنت، سەرکەوتوو نابێت لەوەی خۆی وەك دەسەڵات نیشان بدات.
بە شێوەیەکی گشتی، دەسەڵات لای ئارێنت بریتییە لە بەهێزیی خەڵك کاتێك کە پێکەوە و لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا دەستبەکار دەبن؛ بەڵام توندوتیژی ئەکتێکە کاتێك دێتە بوون کە ڕازیکردن، باوەڕپێهێنان و گفتوگۆ شکست دێنێت. لە ڕاستیدا توندوتیژی کاتێك بە دیار دەکەوێت کە دەسەڵات کەوتبێتە مەترسیی لەناوچوونەوە، ئیدی ئەوکات لە بری کاری بە کۆمەڵ، پشت بە ئامرازەکانی زەبر و زۆر دەبەسترێت. هەر بۆیە دەسەڵات کاری کەسان و توندوتیژی کاری کەسێکە؛ دەسەڵات پێشمەرجی فرەیی و توندوتیژیش پێشمەرجی هەبوونی ئامرازی توندی هەیە. بەم پێیەش ناتوانرێت بە توندوتیژی دەسەڵات بەدەست بخرێت، بەڵکو وەك ئارێنت دەڵێت دەسەڵات بۆ بوونی خۆی تەنیا پشت بە خودی خۆی دەبەستێت و هاوکات دەسەڵات تەنها خودی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و هەرگیزیش توندوتیژی بەرهەم ناهێنێت. لای ئارێنت ئامانجی دەسەڵات خوڵقاندنی کەشێکە کە تیایدا توندوتیژی، پێشێلکردن و وێرانکردن بوونی نییە، بەڵکو دەسەڵات ئەو ڕاستییە دێنێتە کایەوە کە تیایدا پەیوەندییەکان و ڕاستییە نوێکان بونیات دەنرێن.

## دەرەنجام:

ئارێنت لە گەڵ ئەو توێژەرانەی جیاوازی لە نێوان دەسەڵات و توندوتیژی ناکەن ناکۆکە و ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێ کە نابێ بە هیچ جۆرێك ئەو دوو چەمکە تێکەڵ بکرێن و بکرێنە هاومانا. لە هەمان کاتدا دیدی خۆی بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو پرسە دەخاتە روو بە جۆرێك توندوتیژی وەکو ئامرازێکی دەست دەسەڵات سەیر ناکات و بیانوو بۆ بەکارهێنانی ناهێنێتەوە. بە پێچەوانەوە سەرچاوەکانی هەردووکیان و ئامراز و مەبەستەکانیان بە جیاواز دەبینێ.

## بەشی سێیەم: سروشتی دەسەڵات و توندوتیژی لە عێراقی هاوچەرخدا پێشەکی:

دەوڵەتی عێراق لەوەتەی لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزراوە، بەو تێگەیشتنەی ئارێنت خستۆتیە ڕوو دەربارەی دەسەڵات و توندوتیژی، کێشەی بەردەوامی هەبووە. هیچ دەیەیەک لەو تەمەنە نزیک سەد ساڵەی عێراق نیە بازنەیەک لە توندوتیژی و نا ئۆقرەیی تیا نەگوزەرابێ کە دەوڵەت یەکێک بووە لە بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی. بەم جۆرە تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٣ دەوڵەتی عێراق بە تێگەیشتنی ئارێنت کێشەی قوڵی دەسەڵاتی هەبووە و دەوڵەت فۆرمی جۆراوجۆری توندوتیژی بەکارهێناوە لە دژی خەڵکەکەی خۆی. ئەمەش لە دەرەوەی تێگەیشتنی ئارێنت یش گومانی گەورەی خستبووە سەر ڕەوایەتی دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردن. ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ پەنجەرەیەکی نوێی لە مێژووی عێراقدا

کردەوە و ئومێدی مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانی لای خەڵک دروست کرد. ئەگەر چی دۆخەکە جیاوازە و مۆدێلی حوکمڕانیەکەش هاوشێوەی ئەوەی بەعس نیە، بەڵام تا نوسینی ئەم توێژینەوەیەش ڕەوایە بگوترێ کە ئەو قۆناغە نوێیەش ڕووبەرووی کۆمەڵێک کێشەی بنەڕەتی بۆتەوە لە هەردوو پرسی دەسەڵات و توندوتیژیدا. لەم بەشەدا لە چوارچێوەی دوو باسدا هەڵوەستە لە سەر ئەکتەرە دیارەکانی نێو دەسەڵات لە دوای ٢٠٠٣ و ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ هاتنە کایەوە، دەکات.

## باسی یەکەم: ئەکتەرەکانی نێو دەسەڵات لە عێراقی دوای ٢٠٠٣

ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان لە بەهاری ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعسیان لە عێراق ڕووخاند کە لە لایەن سەددام حوسێن سەرۆکایەتی دەکرا. لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق، ئەو هێزانە خۆیان وەکو داگیرکار Occupier بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی ناساند و دەسەڵاتی حوکمڕانی کردنیان بەخۆیاندا. ئەوەبوو سەرەتا دامەزراوەیەکیان بە ناوی ئۆفیسی بونیادنانەوە و هاوکاری مرۆیی Office of Reconstruction and Humanitarian Aid (ORHA) دامەزراند و جەی گارنەری ژەنەراڵی خانەنشینکراوی ئەمریکیان کردە بەڕێوەبەری ئەو ئۆفیسە کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی بە پینتاگۆن دەدا. دواتر لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ ئەو دامەزراوەیە ناوەکەی گۆڕا بۆ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان Coalitions Provisional Authority (CPA)و بەرپرسەکەشی گۆڕدرا بۆ دیبلۆماتی ئەمریکی پۆڵ بریمەر لە گەڵ دەسەڵاتێکی فراوانتر بۆ هەڵسوکەوتکردن و بڕیاردان (بڕوانەZwanenburg, ٢٠٠٤). ئەو CPA یە بووە ئەکتەرێکی غەیرە عێراقی کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوە فەرمی و نا فەرمییەکانی نێو سنووری سیاسی عێراق وەرگرت. لەو سەردەمە هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو چوارچێوەیەکی دیفاکتۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی عێراق بوو پێش ٢٠٠٣ و بە گوێرەی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٩١ دەرچووبوو، دەپارێزرا. لەو کاتدا جگە لەوەی هەرێمی کوردستان وەکو کیانێک کە خاوەنی دوو ئیدارەی بەڕێوەبردن بوو لە هەولێر و سلێمانی کە لایەنی کەمی ئەرکەکانی حوکمڕانی کردنی خەڵکیان بەڕێوە دەبرد، کۆمەڵێک حزبی سیاسیش لەو گۆڕەپانە وەکو ئەکتەری ژێر دەوڵەتی بوونیان هەبوو. لە ناو بەشەکانی دیکەی عێراق جگە لە CPA ئەکتەری دیکەی ژێر دەوڵەتی بە کاریگەر جۆراوجۆر بوونیان هەبوو. حزبە شیعەگەرە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشوو لە ئێران گەڕابوونەوە وڵات و خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە بوون بە تایبەت ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و حزبی دەعوەی ئیسلامی کە ئەمانە جگە لە باڵە سیاسییەکە هێزی چەکداریشیان هەبوو( بڕوانەNada and Rowa, ٢٠١٨; Alaaldin, ٢٠١٧; Alaaldin and Attia, ٢٠١٧; and Beehner, ٢٠٠٥). ئەو هێزە شیعانە لە ئێران و لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی سیاسی و مەزهەبی کۆماری ئیسلامی ڕاهێنرابوون و کاریان بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی هاوشێوە لە عێراق دەکرد. دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس گەڕاونەتەوە عێراق و ئیدی بەعس وەکو گەورەترین بەربەستی بەردەم چالاکیەکانیان نەما تا ڕێگریان لێ بکات. ئەو هێزانە دەستیان بە خۆ ڕێکخستنەوە و ئامادەسازی کرد بۆ قۆناغی نوێی حوکمکردن لە عێراق (Alaaldin, ٢٠١٧). لە پاڵ ئەمانەش هێزی دیکەش دروست بوون وەکو جەیشی مەهدی کە موقتەدا سەدر لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بانگی لایەنگرەکانی کرد کە بچنە ڕیزی سوپاکەی بۆ دەرکردنی سوپای ئەمریکا لە عێراق و دامەزراندنی حوکمڕانێتیەکی شیعە. ئەم گروپە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە دەستی بە پتەوکردنی میلیشیاکانی کرد و لە لوبنان لە سەر دەستی حزبوڵلا ڕاهێنانیان وەرگرت و لە ٢٠٠٤ دەستیان بە هێرشکردنە سەر سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کرد و لە چەندین شاری باشووری عێراق بوونە خاوەن توانا و کاریگەری (بڕوانە Stanford University, ٢٠١٧). ئەم گروپەش لە دوای ٢٠٠٥ ەوە پاڵپشتی لە ژمارەیەک کاندید کرد و بوو بە تەیاری سەدری.

سوننییەکان بە تایبەت پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس خۆیان لە چوارچێوەی گرووپی بەرهەڵستکاری بە ناو ئیسلامی دژ بە ئەمریکا، وەکو ئەلقاعیدە، ڕێکخست. بە تایبەت لە دوای ئەوەی حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق پۆڵ بریمەر لە ئایاری ٢٠٠٣ لە دوو بڕیاردا کە ڕیشەکێشکردنی بەعس و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپا و دامەزراوە ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس بوون (Al-Waqai Al-Iraqiy, ٢٠٠٣) ژمارەیەکی گەورەی لەو خەڵکە خستە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کارەوە (بڕوانە Zinn, ٢٠١٦). لێکەوتەکانی ئەو دوو بڕیارە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیەش بە سەر سەقامگیری سیاسی و کارایی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە عێراقی نوێدا بە تۆخی دیارن.

عەرەبە سونییەکان کە لە هەشتا ساڵی پێشوودا بە سەردەستی جڵەوی حوکمڕانی عێراقیان بە دەستەوە بوو، بەو دوو بڕیارەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکراکەوتنە دەرەوەی حوکمڕانییەوە، بە تایبەت دەستەبژێرە سیاسی و مەدەنی و سەربازییەکانیان. ئەمە وای لێکردن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و نوسینەوە و دەنگدان لە سەر دەستووری ٢٠٠٥ بەشدارییەکی کارا نەکەن و تا ڕادەیەکی فراوان بایکۆتی پرۆسەکە بکەن (Cockburn and Sengupta, ٢٠٠٥). لەمەش زیاتر بکەونە سەنگەری دژ بەو ئەزموونە نوێیە و لە پاڵ قاعیدە و گروپی دیکەدا کاری ئاژاوە و توندوتیژی بە فۆرمی جۆراوجۆر لە دژی ئەمریکییەکان و حکومەتە ساوایەکەی عێراق بگرنە بەر. ئەم دۆخە نوێیە هاوتەریب لە گەڵ بوونی زەمینە و پێشینەی نا تەبایی سیاسی و مەزهەبی لە نێو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە لە عێراق، هەروەها لە گەڵ نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی پێگەیشتوو بۆ پێکەوەیی لە عێراق نوێ، لە ساڵانی ٢٠٠٦ بە دواوە بە سانایی بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان شیعە کە حوکمڕانی بە دەستەوە بوو، هەروەها عەرەبی سونی کە لە گروپی جۆراوجۆری بەرهەڵستکاری خۆی ڕێکخستبوو. هەزاران خەڵک لە پێکدادانی تایفی بوونە قوربانی ئەو دۆخە تایفییە توندە (Al-Qarawee, ٢٠١٤; Alaaldin, ٢٠١٨; Al-Khalidi and Tanner, ٢٠٠٦). بەم جۆرە لە ناو چوارچێوەی عێراقدا لە سەرەتاکانی ٢٠٠٣ چەندین ئەکتەری جۆراوجۆر بە کاریگەری فرەوە کارا بوون و پەیوەندی و کارلێکیان کاریگەری گەورەی بەسەر سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی و باروگوزەرانی خەڵکەوە هەبوو. ڕاستە دواتر لە ٢٠٠٥ یەکەم هەڵبژاردن لە دوای کەوتنی ڕژێمی سەددام ئەنجامدرا کە ئەنجومەنێکی نیشتیمانی و حکومەتێکی کاتی عێراق لێکەوتەوە کە عێراقیشی کردە خاوەن دەستوورێکی نوسراو، بەڵام ئەو دۆخە بە نا ئۆقرەیی تا ساڵی ٢٠١١ بەردەوام بوو کە لەو ساڵەدا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی ئاسایشی نێوان ئەمریکا و حکومەتی عێراق (U.S Department of State, ٢٠٠٨). کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا گۆڕەپانەکەی بەسەر دوو ئەگەردا والاکرد. یان ئەوەتا بازنەی توندوتیژی فراوانتر دەبێ و دەسەڵات لە عێراقی نوێدا ڕووبەرووی ئەگەری خراپتر دەبێتەوە، یان حکومەتی عێراق بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی بە سوودوەرگرتن لە هەڵەکانی پێشوو دەبێتە خاوەن بەرنامەیەکی نیشتیمانی کۆکەرەوە Inclusive لە بەر ڕۆشنایی دەستووری عێراق. بە هەڵوەستەکردن لە سەر لێکەوتەکانی دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا و ئەو دۆخە ئاڵۆزەی هاتە کایەوە، دەکرێت بگوترێت کە حکومەتی ئەوکاتی عێراق ڕەوتەکەی بەرەو بژاردەی یەکەم برد و کشانەوەی ئەمریکییەکانی بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی لە ڕێی گرتنەبەری هەندێك سیاسەتەوە دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر ببات.

## باسی دووەم: دۆخی عێراق لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١

لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دۆخی سیاسی عێراق بەرەو نائۆقرەیی زیاتر چوو. حکومەتی ئەوکاتی عێراق و بە تایبەتیش لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٤) سیاسەتی پەراوێزخستنی زیاتری سونییەکان و فراوانکردنی بازنەی ناکۆکییەکانی لە گەڵ هەرێمی کوردستان پەرەپێدا. بەم جۆرە لە بری لەخۆگرتن و ئاشتەوای نیشتیمانی، سیاسەتی پەراوێزخستن و جیاکاری لە سەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی بووە دیوی پێشەوەی حوکمکردن لە عێراق (بڕوانە: Sullivan, ٢٠١٣; Al-Ali, ٢٠١٤; and Al-Qarawee, ٢٠١٦). ئەو سیاسەتە عەرەبە سوننەکانی کردە ئامانج و لێکەوتەی جۆراوجۆری وەکو دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان و ڕەشبگیری هاووڵاتیانی سوننی و سوود وەرگرتن لە بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعس بۆ ئەوەی سوننیەکان لە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دوور بخاتەوە لە کاتێک ئەو سیاسەتە ڕیزپەڕی بۆ عەرەبە شیعە کۆنە بەعسییەکان کرد پاش ئەوەی چوونە بەرەی دەسەڵاتدارانەوە (Al-Qarawee, ٢٠١٦). ئەم جیاکارییە عەرەبی سوننەی زیاتر هاندا کە لە خۆڕێکخستن لە گروپی جۆراوجۆری بەرهەڵستکاری بەردەوام بن بە تایبەت کە ئەوان وەکو کوردەکان هیچ قەوارەیەکی فەرمیان نەبوو وەکو هەرێمی کوردستان کە لە ڕووی ئاسایشییەوە بیانپارێزێ و خزمەتگوزاریشیان بۆ دابین بکات.

عەرەبە سونییەکان ناچاربوون پەنا بۆ ڕێگای جۆراوجۆر بەرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە جیاکارییەکانی حکومەتی عێراق. لە لایەک توندوتیژی لە لایەن گروپە جۆراوجۆرەکانی وەکو قاعیدە و ئەنسارولئیسلام و پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی و سوپای موجاهیدین و هێزی ئیسلامی لە عێراق (BBC, ٢٠١٤) و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بەردەوام بوون (Byman, ٢٠١٥ and Crisis Group, ٢٠١٦)، لە لایەکی دیکە جەماوەر بۆ داواکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان چالاکی مەدەنی وەکو خۆپیشاندانی فراوانیان بەڕێوە دەبرد نمونەی خۆپیشاندانەکانی

ئەنبار و سەلاحەددین و موسڵ و لە ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کە بە توندی لە لایەن حکومەتەوە بە زەبری هێز دامرکێندرانەوە و هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ نیگەرانی و داخوازییەکانیان نەبوو(Arango, ٢٠١٣; and Crisis Group, ٢٠١٣). حکومەتی عێراق بەزەبر و زەنگ ڕووبەرووی هەردوو ئاراستەی بەرهەڵستکاری و ناڕازی سونیەکان بویەوە. ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە ئامرازی جۆراوجۆری توندوتیژی تێدا بەکارهێندرا وەکو بەردەوامی دان بە بەرەنگاربوونەوەی سەربازی لە گەڵ بەرهەڵستکارە سوونییەکان بە پاساوی ڕیشەکێشکردنی بەعس و شەڕی تیرۆر بێ جیاکردنەوەی ئەو دوو پرسە لە گەڵ داخوازییەکانی سوننەکان. هەروەها دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکانیان بە زەبری هێز، و ڕاوەدوونانی هەندێ لە سەرکردە سوونیە دیارەکان لە ڕێی جولاندنی کەیسی جۆراوجۆر لە دادگاکان و ڕەشبگیری بە کۆمەڵ و بە ئامانجکردنی ماڵ و موڵکیان لە لایەن میلیشیا شیعییەکان. ئەم پەرچەکردارانەی دەوڵەت بازنەی نیگەرانی و تووڕەیی شەقامی عەرەبی سونی فراوانترکرد و مەودای هەستکردنیانی بە پەراوێزبوون بردە قۆناغێکی دیکە. ئەم سیاسەتە بواری بۆ گەشەکردن و گەورەبوونی گروپە تیرۆریستیەکان زیاتر کردەوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ دروست کردن کە بە ئاسانتر بتوانن لە ناو کۆمەڵگەی سونی مۆڵگە زیاد بکەن. بە تایبەت گروپێکی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) کە دواتر توانی بە ئاسانی بە هۆی پاڵپشتی شەقامەوە دەست بە سەر موسڵ و شارە عەرەبە سوننە نیشەکانی دیکەی عێراق بگرێ.

سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی داعش بە تایبەت دوای فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی لە سوریا و عێراق، دۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە. سوننەکان لە عێراق لە سەرەتای هاتنی داعش بۆ شارەکانیان بە زۆری پێشوازیی گەرمیان لێکردن یان لانیکەم لاریان نەبوو کاتێک بەراوردیان دەکردن لە گەڵ سیاسەتە جیاکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق کە هەژموونی بەرە شیعییەکانی بە ڕوونی بە سەرەوە دیار بوو (Cockburn, ٢٠١٥). بەم جۆرە زۆرینەی عەرەبی سونی، جگە لەوانەی لە دوای ٢٠٠٣ ەوە لە نێو پرۆسەی حوکمڕانی نوێی عێراقدا جێگا و پۆستیان هەبوو، بوونە خاوەن ئەکتەرێکی نوێ و کارا لە عێراق کە داعش بوو. ئەو ئەکتەرە بەوە نەوەستا وەکو ئەکتەرێکی ژێر دەوڵەتی هەڵسوکەوت بکات بەڵکو خۆی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند و دەستی بە دروستکردنی دامەزراوە بە فۆرمی خۆی و بڕیار و ڕێنمایی کرد لەو سنوورەی بە زەبری هێز لە دەوڵەتی عێراق و سوریای زەوت کردبوو. ئەم دۆخە دەسەڵاتی فەرمی لە عێراق تا نزیکەی داڕوخانی تەواوەتی برد تا ئەوکاتەی مەرجەعە شیعییەکان بۆ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانیان و حکومەتیش لەبەغدا فەتوای بەرگری جەماوەریان دا و حەشدی شەعبییان دامەزراند (Abbas, ٢٠١٧; O›Driscoll and Zoonen, ٢٠١٧).

دوای ئەوەی داعش دەوڵەتی خۆی لە عێراق و سوریا ڕاگەیاند و بوو بە ئەکتەرێکی دیکە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، حەشدی شەعبی وەکو دامەزراوەیەکی نیمچە فەرمی تایەفی کە لە کۆمەڵێک گروپی میلیشیای شیعی پێکهاتووە، دامەزرا. لەوساوە لە پاڵ دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەکی لەرزۆک، دوو گروپی بەهێزی تایەفی لە گۆڕەپانی عێراق کەوتنە چالاکی و توندوتیژی نواندن. ئەم دوو گروپە لەلایەن چەندین دامەزراوە و دەوڵەتی هەرێمی بە فۆرمی جۆراوجۆر پاڵپشتی دەکرێن و لە سەر گۆڕەپانی عێراقدا توندوتیژی وەکو تاکە ئامرازی سیاسەتکردن بەکار دەهێنن و لە نێوان ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ سەدان هەزار هاووڵاتی بوونە قوربانی ئەو تایفەگەرییە و ماڵ و موڵک و ژیانیان لە دەست دا و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت دەوڵەت توانیویەتی کەمترین ژمارەی ئەو خەڵکە بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان و ئارامی و خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات.

## دەرەنجام:

جۆرە عێراقی دوای ٢٠٠٣ بووە جێگای ململانێی ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەری فەرمی دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتی و ژێر دەوڵەتی کە زۆرینەیان توندوتیژیان بە فۆرمی جۆراوجۆر وەکو ئامرازی گرنگی خۆسەپاندن و خۆسەلماندن بەکار هێناوە و لە ئەنجامدا هەزاران هاووڵاتی کوژراون، دەربەدەرکراون و بێ ماڵ و جێگا لە وڵاتی خۆیاندا ئاوارەکراون، ئەمەش لە نیشانە ئاسانەکانی شکستی دەسەڵات و باڵادەستی توندوتیژیە وەکو تاکە ئامرازی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی سیاسەت لە عێراقی نوێدا. هەروەها ئەمانە نیشانەی لاوازی و ناکارایی ئەو دەسەڵاتەن کە ئاڕێنت باسی دەکات کە پەنا بۆ توندوتیژی نابات بەڵکو هێزی خۆی لە پشتیوانی خەڵک وەردەگرێ.

## بەشی چوارەم: ئیشکالیەتی ئاوەژووبوونەوەی ڕۆڵە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە عێراق

### پێشەکی:

عێراق دوای گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ تا ئێستا نەبۆتە ئەو ولاتەی کە خەڵک و زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان پێشبینیان دەکرد. دۆخەکە هەر لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵۆزی سیاسی و ئەمنی بویەوە کە تا ئێستاش لێکەوتەکانی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و ژیانی خەڵکەوە بەجێ ماون. لەم بەشەدا، لە دوو باسدا، کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی دەخرێنە بەر باس کە بەشدارییان کردووە لە ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوخۆیی عێراق.

### باسی یەکەم: هۆکارە دەرەکییەکان

بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ تێڕوانینی جیاجیا لە نێو ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە ئیدارەی ئەمریکادا هەبوو. پینتاگۆن و کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە لە دیدی جیاوازەوە سەیری گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی دوای ڕوخانیان دەکرد. ئەمە وای کرد کە دیدێکی ناجێگیر بەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراقی نوێ زاڵ بێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: O›Hanlon, ٢٠٠٥; Rathmeel, ٢٠٠٥; Bensahel et al., ٢٠٠٨). لە دوای دەستبەکاربوونی پۆل بریمەر لە ئایاری ٢٠٠٣ وەکو حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق و بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA دوو بڕیاری هەستیار کە بڕیاری ژمارە ١ی ڕیشەکێشکردنی بەعس و ژمارە ٢ ی هەڵوەشاندنەوەی سوپا و ئاسایش و دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس دەرچوون. ئەو دوو بڕیارە کاریگەری گەورەیان بەسەر نەخشەی سیاسی نوێی دامەزراوەکانی عێراق بەجێ هێشت. وەکو لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، عەرەبە سوننییەکان کەوتنە دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانی. ئەمریکییەکان دەڵێن ئەو دوو بڕیارە بۆ ئەوە بوو کە عێراقییەکان بە تایبەت کورد و شیعە باوەڕ بکەن کە سەردەمی حوکمڕانی بەعس و سەددام حوسێن کۆتایی هات و ئیدی گەڕانەوەی بۆ نیە. ڕاستە ئەم دوو بڕیارە دۆخێکی نوێی لە عێراقدا هێنایە کایەوە، بەڵام دەرگای بەسەر فۆرمی نوێی توندوتیژی ناوخۆیی لە نێو پێکهاتە سەرەکییەکان و هەروەها لە گەڵ دەزگا نوێیەکانی دەوڵەت دروست کرد. ئەمریکییەکان بەم بڕیارانە بەشداریان کرد لە پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە لە حوکمڕانی نوێی عێراقدا.

لە لایەکی دیکە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بە تایبەت ئێران و تورکیا بە قوڵی دەستیان خستنە نێو پرۆسەی سیاسی و هەوڵی ئاراستەکردنی لایەنەکانیان دا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لە عێراقی نوێدا. ئێران تا ئەمڕۆش لە تورکیا زیاتر دەستی درێژ و هەژموونی فراوانترە. بەر لە ڕووخانی ڕژێمی عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٢ ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی وەکو ئامادەکاری دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دامەزراند بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بەرژەوەندییەکانی ئێران بکات لە عێراق .(Terrill, ٢٠١٢, p. ٢٩) لە جانیوەری ٢٠٠٨، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ئێران بڕیاریدا سولەیمانی ببێتە بەرپرسی هەموو جولانەوە سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران لە عێراق. واتە سولەیمانی کرایە خاوەنی بەڵێ و نەخێر لە جیاتی ڕژێمی ئێران لە هەموو کاروبارێکی عێراقدا. سوپاسی قودسی ئێرانی کە سولەیمانی ڕێبەرایەتی دەکات لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بە جۆرەها شێوە هاوکاری لۆجستی پێشکەشی گروپ و میلیشیا شیعەکانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی  سوپای ئەمریکا لە عێراق بکەنە ئامانج و ڕێگا نەدەن عێراقێک بونیاد بنرێتەوە کە لە گەڵ بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی ئێران لە ناوچەکە ناکۆک بێ. ئەو هاوکارییە بە جۆرێک بووە کە لێکۆڵەرێک دەڵێ « سوپای قودس بۆ میلیشیا شیعەکان وەکو قاعیدە وایە بۆ میلیشیا سوننیەکان» (Beehner and Bruno, ٢٠٠٨). بەم جۆرە ئێران بووە ئەکتەرێکی کارا لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆیی عێراق و ڕێگری کردووە لەوەی عێراق ببێتە کاراکتەرێکی سەربەخۆی بەهێز کە بەرژوەندە ستراتیژیەکانی ئێران وەکو سوپەرپاوەرێکی هەرێمی بخاتە مەترسییەوە (Bongers, ٢٠١٢).

ڕۆڵی تورکیاش لە دۆخی دوای ٢٠٠٣ ڕۆڵێکی دیارە بە تایبەت کە لە سەرەتای پرۆسەی ڕوخانی ڕژێمی بەعس تورکیا ڕۆڵی نیگەران و دوو دڵی لەو پرۆسەیە گێڕا بە بیانووی ئەوەی کە پرۆسەی سەربازی لە دژی ڕژێمی سەددام ئەگەرەکانی دابەشبوونی عێراق زیاد دەکات کە ئەمەش بە دەوری خۆی دەرفەت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی زیاتر دەکات. وەها دەوڵەتێک کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئاسایشی ناوخۆیی تورکیا

دەبێ (السعدون، ٢٠١٢ ). بە لای تورکیا یەکێتی خاکی عێراق بەشێکە لە ئاسایشی جیۆسیاسی، سەقامگیری لە عێراق ئاسایشی ئابوری بۆ تورکیا دابین دەکات (باکیر، ٢٠١٥). بەم جۆرە عێراق هەمیشە وەکو بەشێکی گرنگ لە ئاسایشی نیشتیمانی تورکیا سەیر کراوە و لە پرسەکانی پەیوەست بە کورد، تورکمانەکانی عێراق و عەرەبی سونی، تورکیا دەستی لە کاروباری عێراق وەرداوە. پەیوەندییەکانی بە گوێرەی هەڵسوکەوت و دۆخی ناوخۆیی عێراق لە گەڵ حکومەتی ئەو وڵاتە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تورکیا لە دوای ٢٠٠٣ ەوە چ لە ڕووی سەربازی لە ڕێی بۆردوومانی بەردەوامی سنوورەکانی عێراق بۆ بەئامانجگرتنی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) چ لە ڕووی سیاسی لە ڕێی پاڵپشتی لۆجستی تورکمان و حزبەکانیان و هەندێ تەیاری سونی، دەستی لە کاروباری عێراقدا هەبووە (باکیر،٢٠١٥ و عبداللطیف،٢٠١٥و العیساوي، ٢٠١٦ هەروەها Cagaptay and Evans, ٢٠١٢).

واتا هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە دوای ٢٠٠٣ ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەوکێشانەی ڕووبەڕووی دەسەڵات و دامەزراوە نوێیەکانی عێراق بوونەوە و بوار و زەمینەی ئەوەیان فراوانتر کرد کە هەم دامەزراوە دەوڵەتییەکان توندوتیژی بەکار بهێنن وەکو میکانیزمێک بۆ مانەوە هەم دامەزراوە نا دەوڵەتییەکان دەستیان درێژبێ و ئەوانیش توندوتیژی بەکار بهینن و بواری گەشەکردن بۆ دەسەڵاتێکی ناوخۆیی تۆکمە لاواز بکەن. ئەمەش دیسان دەسەڵات لە عێراق لە ڕوانگەی تیۆر و دیدی ئارێنت دەخاتە بەردەم پرسیاری گەورەوە و ئەوە دەخاتە روو کە توندوتیژی ڕۆڵی بەرجەستە و یەکلاکەرەوەی دیکە نەک دەسەڵات و دامەزراوەکانی.

## باسی دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان

عێراق لەوەتەی دامەزراوە لە سەر بنەمای یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتەکانی دروست نەبووە. بۆیە هەمیشە دڕدۆنگی لە نێوان دەوڵەت و پێکهاتە جیاوازەکاندا بە ڕێژەی جۆراوجۆر بوونی هەبووە. لە سەردەمی حوکمڕانێتی کۆماریدا لە دوای ١٩٥٨ ەوە بە شێوەیەکی چڕتر عەرەبی سونی پێکهاتەی باڵا دەست و خاوەن هەژموون و فەرمان بووە. ئەمە هەردوو پێکهاتەی دیکەی سەرەکی عێراق کە عەرەبی شیعە و کورد ی خستۆتە دۆخێک کە یان هەست نەکەن هاووڵاتی ئەو نیشتیمانەن یان هەمیشە وەکو پلە دوو و سێ خۆیان پلەبەند بکەن و ببینن. کە ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ ڕووخا، خۆشبینی ئەوە هاتە پێش کە ئەو سێ پێکهاتە سەرەکییە و پێکهاتەکانی دیکە دەگەنە ڕێکەوتن لە سەر چوارچێوەیەکی نوێ کە نەهامەتییەکانی ڕابردوو بینە وانە و بە سەر هیچ لایەنێکی دیکە دووبارە نەبنەوە و عێراق ببێتە دەوڵەتی هەمووان.

عەرەبی سوننە هەر زوو لە هەڵبژاردنەکانی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق لە ٢٠٠٥ و پرۆسەی پەسندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە هەمان ساڵ کشانەوە و بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدارییان نەکرد. ئەم بایکۆتکردنە ئەوانی خستە دەرەوەی پرۆسەکە و کورد و شیعە کە زیاتر ڕێکخراو بوون چانسی زیاتریان لە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرکەوت (Ottaway and Kaysi, 2009; Oppler JR., 2005; Williams, 2010). ڕاستە ئەوکات سوونییەکان ئارەزوومەندانە و بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێلی نوێی عێراق و سیستمی فیدراڵی کە ڕۆڵی کەمتر بە حوکمەتی ناوەند دەدات بایکۆتیان کرد، بەڵام دواتر ئەو پەراوێزخستنە بووە سیاسەتی پەیڕەوکراوی حکومەتی نوێی عێراق کە زۆرینەیەکی شیعەی مەزهەبگەرا پاڵپشتیکراو لە لایەن ئێران جومگە سەرەکییەکانی ئەو حکومەتە بەڕێوە دەبات. هەرچەندە سوننییەکان دەنگیشیان بە دەستووری هەمیشەیی عێراق نەدا، بەڵام دواتر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و ڕزگاربوون لە پەراوێزخستن پەنایان بۆ ئەو دەستوورەش برد کەچی هەر سوود و دادی نەدان.

لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١، حکومەتی ئەوکاتی عێراق هەنگاوەکانی بۆ پەراوێزخستنی عەرەبە سوننییەکان خێراتر کرد. شارە دیارە سونی نشینەکانی عێراق (وەکو موسڵ، دیالە، سەڵاحەددین و ئەنبار) وەکو ئامرازێک بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هەژموونی بەغدا، کە بە دیدی ئەوان ڕژێمێکی مەزهەبگەرای شیعە باڵادەست حوکمی تیا دەکات، پەنایان بۆ دەستووری عێراق برد و داوای هەرێمی خۆبەڕێوەبەری سوننیان کرد هاوشێوەی هەرێمی کوردستان. حکومەتی عێراق نەک تەنیا داواکەی ڕەتکردنەوە، بەڵکو کەوتە ڕاوەدوونان و هەوڵدان بۆ دەستگیرکردن و دوور خستنەوەی سەرکردە و دەستەبژێرە سوننیەکان. دەرپەڕاندنی جێگری سەرۆک کۆمار و وەزیری دارایی ئەوسا بە تۆمەتی گەندەڵی و پاڵپشتی تیرۆر لەو هەوڵە دیارانەی حکومەت بوون ( بڕوانە Pollack, ٢٠١١). حکومەتی عێراق هەنگاوی کرداری گرنگ

بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی نەهاویشت و نیگەرانی و دڵەراوکێی سوننییەکان بە پرۆژەی خزمەتگوازی بۆ شارەکانیان و دەستهەڵگرتن لە سیاسەتی جیاکاری وەڵام نەدرایەوە. ئەمەش دیارە ئەنجامەکەی بووە هۆی بە ئاسانی کەوتنی شارە سوونیەکان لە کاتی هێرشی داعش و ئەو لێکەوتانەی حوکمڕانی داعش و شەڕی داعش بە سەر ژیانی خەڵک و ژێرخانی عێراق جێی هێشت.

هەڵبەت ئەوەی بەسەر عەرەبی سوونە هات لە عێراقی نوێدا بەسەر کورد نەهاتووە وێڕای ئەوەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە جۆرەها شێواز هەوڵیانداوە ئەو مافانەی دەستووری عیراق بە قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستانی داوە کەم بکەنەوە و خۆیان لە بڕگە سەرەکییەکانی دەستوور دزیوەتەوە کە بەلای هەرێمی کوردستان بنەڕەتین و پەیوەندیان بە چەمکەکانی پێکەوەیی و بەشداری هەموان لە عێڕاقی نوێدا هەیە. حکومەتەکانی عێراق، بە تایبەتیش لە دەیەی رابردوودا زۆرترین ماددەی دەستووری عێراقیان پێشێلکرد کە بە لای کوردەوە ئەو ماددە و دەقانە هۆکاری مانەوەی عێراقن بە یەکپارچەیی و مافەکانی پێکەوەیی لەو وڵاتە دەپارێزن. بە لای هەرێمی کوردستانەوە لانیکەم ٥٥ مادەی بنەڕەتیی دەستوور لە لایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێلکراوە ( بڕوانە KRG, ٢٠١٧).

ئەم دۆخانە پێکەوە بەشداریان کرد لە  لاوازبوونی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە ڕووی شەرعیەتی ناوخۆیی و توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ خەڵک بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، کە ئەمانە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتێکی کارا و وەڵامدەرەوەن.

لە جیاتی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە و ئەداکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتێکی ڕەوا، حکومەتەکانی عێراق لە ڕێی ئامرازی جۆراوجۆری دیکەی وەکو توندوتیژی ڕووت، فەرامۆش و پەراوێزخستن، ئابلوقەی ئابوری ( وەکو بڕینی بودجە و موچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە دوای ٢٠١٤ وە) ڕووبەڕووی ئەو هێز و ئەکتەرانەی دیکە بوونەوە کە لە دەرەوەی گرووپی دەسەڵاتدار دیدی دیکەیان دەخستە ڕوو.

لە پاڵ گرتنەبەری سیاسەتێکی مەزهەبی چڕ کە لە سەر بنەمای پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە کاری دەکرد، دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی نەبوونی میکانیزمی کارای چاودێری و بەدواداچوون لە دامودەزگایەکانی، بووە یەکێک لە دەوڵەتە گەندەڵەکانی دونیا کە زۆرترین داهاتی نیشتیمانی تیادا بەفیڕۆ دەدرێ. گەندەڵی بووە دێوەزمەیەکی گەورە کە قەبارەیەکی گەورە لە داهاتی نیشتیمانی کە پێویست وایە بۆ خزمەتگوزاری گشتی بەکاربهێندرێن، دەخاتە خزمەت بەرپرسەکان و تۆڕەکانی بەرژەوەندی( بڕوانە Khan, ٢٠١٨; Calamur, ٢٠١٨ and Al-Khatteeb, ٢٠١٦).

ئەم فاکتۆرە دەرەکی و ناوخۆییانە ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە بەرگرتن لە گەشەکردنی دەسەڵات لە عێراقی نوێدا و زەمینەی زیاتریان خۆشکرد کە توندوتیژی جێگای دەسەڵاتێکی کارا بگرێتەوە. بۆیە ئەوەی وەکو دەسەڵاتیش جڵەوی حوکمڕانی خەڵکی بەدەستەوە بووە، لە بری هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی میکانیزم و ڕێگاچارەی کارا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ خەڵک و ئاشتەوایی نیشتیمانی و پتەوکردنی متمانە و پردی پەیوەندی لە گەڵ هاووڵاتیان، کە بەلای ئارێنت سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵات لەو پرد و خزمەتگوزاری ولینکانە دێت، پەنای بۆ توندوتیژی برد. توندوتیژی بە فۆرمی جۆراوجۆر و لە لایەن ئەکتەرە جۆراوجۆرەکانەوە لە پێناوی مانەوە و یەکخستن و یەکڕەنگ کردنی کۆمەڵگایەکی دابەشکراوی وەکو عێراق کە پڕە لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزەبی جیاواز، بەکارهێندراوە و بەکار دەهێندرێ.

## بەشی پێنجەم: دەرەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە دۆخی عێراق دەکات لە دوای ٢٠٠٣ لە بەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی هانا ئارێنت بۆ هەردوو چەمکی دەسەڵات و توندوتیژی و بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

یەکەم: پێچەوانەی هەندێ لە بیرپارە دیارەکانی پێشخۆی، هانا ئارێنت جیاوازی لە نێوان چەمکەکانی دەسەڵات و توندوتیژی دەکات و ڕەتی دەکاتەوە کە دەسەڵات بۆ بیانووی جۆراوجۆر بتوانێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و وەکو دەسەڵاتیش بمێنێتەوە. ئەو دەڵێ یان پێویستە دەسەڵات توندوتیژی بەکار نەهێنێ، یان ئەگەر بەکاری هێنا دەبێتە توندوتیژی و لە خاسیەتی دەسەڵات بووندا لا دەدات. بەم جۆرە ئارێنت ئەو دوو چەمکە لێک جیا دەکاتەوە لە ڕووی پێکهاتە و ئامانج و ئامرازەکان. ئەو پێی وایە دەسەڵات لەسەر بنەمای باوەڕ و تێگەیشتنی هاوبەشی کۆمەڵێک خەڵک کار دەکات و هیچ بیانووێک نیە تا ئامرازی توندوتیژی بەکار بهێنێ. لە بەرامبەردا توندوتیژی خۆی کۆمەڵێک ئامرازی ناچارکردن و ڕاوەدوونان و سەرکەوتکردنی لەبەردەستە بۆ ئەوەی خەڵک ناچار بە ملکەچی و گوێڕایەڵی و یەکڕەنگ و گوتاری بکات.

دووەم: ئارێنت پێی وایە کە دەسەڵات لە تێگەیشتن و یەکێتی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵێک کەس پێکهاتووە. لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری دۆخی عێراق بکەین، زەحمەتە دەیەیەک لە مێژووی ئەو وڵاتە بدۆزیتەوە کە هاووڵاتییەکانی لە سەر فۆرمێک لە دەسەڵات رێک بکەون و تێگەیشتنی هاوبەشیان بۆی دروست بوو بێت. ئەگەر هەڵوەستە لە سەر رووداوەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ۲۰۰۳ بکەین، دەکرێت بگوترێت کە هەوڵ هەبوون بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ عێراقی نوێ بێتە کایەوە و دەوڵەت و دامەزراوەکانی ببنە دەسەڵاتێکی رەوا بۆ خزمەتکردنی هەموو هاووڵاتیان بێ رەچاوکردنی ناسنامە ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییەکانیان. بەڵام ئەم خواست و هەوڵە سەرەتاییانە رووبەرووی بەربەستی زۆر هاتەوە.

سێیەم: ئارێنت باوەڕی وایە کە دەسەڵات و توندوتیژی دوو چەمکی پێچەوانەی یەکن و توندوتیژی وێرانکارە و ئامرازەکانی ترساندن و ناچارکردن و تۆقاندن بەکار دەهێندرێ. هەروەها دەڵێ ئەو دوو چەمکە پێچەوانەی یەکن و لە کوێ یەکێکیان هەبوو، ئەوەی دیکە بوونی نیە. واتا کاتێک دەسەڵات بوونی هەیە، نابێ توندوتیژی هەبێ و بە پێچەوانەشەوە. لە عێراق دوای ۲۰۰۳ توندوتیژی بە فۆرم و قەبارەی جۆراوجۆر بوونی هەبووە. دەسەڵات بە ئەکتەرە دەوڵەتی و نا دەوڵەتییەکان، کاراکتەرە فەرمی و نافەرمییەکان زۆرترین توندوتیژیان بەکارهێناوە. توندوتیژی لە دوای ۲۰۰۳ ئامرازێکی بەرچاوی مانەوە و خۆقایمکردنی دەوڵەتی لەرزۆک و دامەزراوەکانی بووە. هەروەها ئامرازی گەشەی کاراکتەرە نافەرمییەکان و نیمچە دەوڵەتییەکان بووە. بەو جۆرە ئەوەی باڵادەست و باو بووە توندتیژی بووە نەک دەسەڵاتیک کە لە سەر بنەمای رێکەوتنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بوو بێ.

چوارەم: ئارێنت باس لە متمانە و رەوایەتی دەکات کە پێویستە دەسەڵات هەیبێ. راستە حکومەتەکانی عێراق لە دوای ۲۰۰۳ لە رێی هەڵبژاردنەوە متمانە وەردەگرن، بەڵام ئەو متمانەیە لە لایەن دوو پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگەی عێراق کە کورد و عەرەبی سوننەن هەمیشە جێگای پرسیار و گومان بووە بە تایبەت کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان سیاسەتی جیاکاری مەزهەبی و نەژادیان پەیرەو کردووە و ئامرازی جۆراجۆری توندوتیژییان بەرامبەر بە ئەوانی تر بەکار هێناوە. بۆیە لە گەڵ ئەوەی کە هەڵبژاردن و متمانەی ناو پارلەمان سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیەتی حکومەتەکانی دوای ۲۰۰۳ بوون، بەڵام پێکهاتە سەرەکییەکانی تری دەرەوەی عەرەبی شیعە لەو رەوایەتیە ناڕازی بوون.

پێنجەم: لە گۆڕەپانی عێراق نوێدا چەندین ئەکتەری دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتی و ژێر دەوڵەتی کارابوونە و لە قۆناغی جیاوازی دوای ۲۰۰۳ دا رۆڵیان لە زەمینە سازی توندوتیژی گێڕاوە. ئەو ئەکتەرانە لە لایەک توندوتیژیان بە فۆرمی جۆراوجۆر بۆ یەکتر سڕینەوە و یەکترناچارکردن بەکار هێناوە، لە هەمان کاتدا رۆڵیان لە لاوازکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت گێڕاوە و بواری ئەوەیان بۆ نەهێشتوونەتەوە کە گەشە بکەن و ببنە کەرستەکانی دەسەڵاتێکی کارا و رەوا. بۆیە ئەوەی وەکو دەسەڵاتیش خۆی نواندووە و جڵەوی حوکمڕانی بە دەست بووە، بە شێوەیەکی ناکارا و جیاخواز رەفتاری کردووە و توندوتیژی بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان:


السعدون، واثق محمد (۲۰۱۲). البعد الأمني في العلاقات العراقية-التركية. مركز الدراسات الأقليمية. بحث متوفر اونلاين على الرابط التالي:
https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=60325

العيساوي، ميثاق مناحي (۲۰۱٦).لماذا تصر تركيا على التدخل عسكريا في العراق؟ شبكة النبأ المعلوماتية. متوفر اونلاين على الرابط التالي:
https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/8335

باكير، علي حسين (۲۰۱٥). العراق في حسابات تركيا الاستراتيجية و التوجهات المستقبلية. مركز الجزيرة للدراسات. البحث متوفر اونلاين على الرابط التالي:
http://studies.aljazeera.net/ar/reports/2015/01/201511895950841529.html

عبداللطيف، ارواء فخري (۲۰۱٥). السياسة التركية تجاه العراق و تأثيره في الأمن الوطني. بحث متوفر اونلاين على الرابط التالي:
https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=105759

Abbas, Hassan (2017). The Myth and Reality of Iraq›s al-Hashd al-Shaabi (Popular Mobilization Forces): A Way Forward. Friedrich-Ebert-Stifung (FES): Amman.

Alaaldin, Ranj and Attia, Sumaya. (2017). Shiite Militias in Iraq: Why context matters. Brookings. Available online at: https://www.brookings.edu/opinions/shiite-militias-in-iraq-why-context-matters/ Accessed 4th of March 2019.

Alaaldin, Ranj (2017). The Origins and Ascendancy of Iraq›s Shiite Militias. Hudson. Available online at: https://www.hudson.org/research/13993-the-origins-and-ascendancy-of-iraq-s-shiite-militias Accessed 5th of march 2019.

Alaaldin, Ranj. (2018). Sectarianism, Governance, and Iraq›s Future. Brookings Doha Center Analysis Paper. Number 24. Available online at: https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2018/11/Sectarianism-governance-and-Iraqs-future_English.pdf Accessed 9th of March 2019.

Al-Ali, Zaid (2014). How Maliki Ruined Iraq. Foreign Policy. Available online at: https://foreignpolicy.com/2014/06/19/how-maliki-ruined-iraq/ Accessed 11th of Mach 2019.

Al-Khalidi, Ashraf and Tanner, Victor. 2006. Sectarian Violence: Radical Groups Drive Internal Displacement in Iraq.

Al-Khatteeb, Luay (2016). Corruption in Iraq: Where did all the money go? The National Interest. Available online at:

https://nationalinterest.org/feature/corruption-iraq-where-did-all-the-money-go-16279

Accessed 9th of March 2019.

Al-Qarawee, Harith Hassan. (2014). Iraq›s sectarian crisis: A legacy of exclusion. Carnegie Middle East Center.

Al-Qarawee, Harith Hasan (2016). From Maliki to Abadi: The Challenge of Being Iraq›s Prime Minister. Middle East Brief. Brandeis University: Crown Center for Middle East Studies. It is available online at:

https://www.brandeis.edu/crown/publications/meb/MEB100.pdf

Arendt, H. (1970). On violence. Houghton Mifflin Harcourt.

Arendt, H. (1981). Macht und Gewalt. R. Piper & Company.

Al-Waqai Al-Iraqiy, 2003. Official Gazette of Iraq (in English). Revised First Edition. No. 3977 Vol.44.

Arango, Tim (2013). Dozens Killed in Battles Across Iraq as Sunnis Escalate Protests Against Government. New York Times. Available online at: https://www.nytimes.com/2013/04/24/world/middleeast/clashes-at-sunni-protest-site-in-iraq.html Accessed 3rd of March 2019.

BBC (2014). Iraq Crisis: Key players in Sunni rebellion. Available online at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-28053496 Accessed 11th of March 2019.

Beehner, Lionel (2005). Iraq: Militia Groups. Council on Foreign Relations. Published online on 9th of June 2005. Available at:

https://www.cfr.org/backgrounder/iraq-militia-groups Accessed 3rd of March 2019.

Beehner, Lionel and Bruno, Greg. (2008). Iran›s involvement in Iraq. The Council on Foreign Relations. Available online at: https://www.cfr.org/backgrounder/irans-involvement-iraq Accessed date 11th of March 2019.

Bernstein, R. J. (2011). Hannah Arendt's reflections on violence and power. In Iris . 3(5). 3-30.

Bongers, Rob (2012). Iran's foreign policy towards post-invasion Iraq. Journal of Politics and International Studies. Vol 8.

Bensahel, N., Oliker, O., Crane, K., Richard Jr, R. and Gregg, H.S., 2008. After Saddam: Prewar planning and the occupation of Iraq. Rand Corporation.

Byman, Daniel L. (2015) Comparing Al Qaeda and ISIS: Different goals, different targets. Brookings. Available online at: https://www.brookings.edu/testimonies/comparing-al-qaeda-and-isis-different-goals-different-targets/ Accessed 9th of March 2019.

Cagaptay, Soner and Evans, Tyler (2012). Turkey›s changing relations with Iraq: Kurdistan Up, Baghdad Down. The Washington Institute for Near East Policy. Available online at:
https://www.washingtoninstitute.org/uploads/Documents/pubs/PolicyFocus122_CagaptayEvans.pdf Accessed 15th of March 2019.

Calamur, Krishnadev (2018). Oil was supposed to rebuild Iraq. The Atlantic. Available online at: https://www.theatlantic.com/international/archive/2018/03/iraq-oil/555827/
Accessed 10th of March 2019.

Cockburn, Patrick and Sengupta, Kim (2005). Sunni voters fail to block Iraq›s new constitution. Independent. Available at:
https://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/sunni-voters-fail-to-block-iraqs-new-constitution-5348399.html accessed 10th of March 2019

Cockburn, P., 2015. The rise of Islamic State: ISIS and the new Sunni revolution. Verso Books.

Crisis Group (2013). Make of Break: Iraq›s Sunnis and the State. Middle East Report N.144. Available online at: https://www.refworld.org/pdfid/520b818b4.pdf Accessed 3rd of March 2019.

Crisis Group (2016). Exploiting Disorder: al-Qaeda and the Islamic State. Crisis Group Special Report. Available online at: https://d2071andvip0wj.cloudfront.net/exploiting-disorder-al-qaeda-and-the-islamic-state.pdf Accessed 9th of March 2019.

Frazer, E., & Hutchings, K. (2008). On politics and violence: Arendt contra Fanon. Contemporary Political Theory, 7(1), 90-108.

Habermas, J., & McCarthy, T. (1977). Hannah Arendt›s communications concept of power. Social Research, 3-24.

Katzman, Kenneth (2008). Al Qaeda in Iraq: Assessment and Outside Links. CRS Report for Congress. Order Code RL32217. Available online at:

https://fas.org/sgp/crs/terror/RL32217.pdf Accessed 9th of March 2019.

Khan, Imran (2018). Iraq corruption watchdog: $320bn stolen over 15 years. Al Jazeeran English. Available online at:
https://www.aljazeera.com/news/2018/05/iraq-corruption-watchdog-320bn-stolen-15-years-180508164137560.html Accessed 12th of March 2019.

KRG (2017). The Constitutional Case for Kurdistan›s Independence and A Record of the Violation of Iraq›s Constitution by Successive Iraqi Prime Ministers and Ministers, the Council of Representatives, the Shura Council, the Judiciary and the Army. Availbale online at:
http://cabinet.gov.krd/uploads/documents/2017/Constitutional_violations_Sept_24_2017.pdf

Nada, Garrett and Rowan, Mattisan (2018). Part 2: Pro-Iran Militias in Iraq. Wilson Center. Available at: https://www.wilsoncenter.org/article/part-2-pro-iran-militias-iraq Accessed 3th of March 2019.

Navarro Diaz, L. R., & Romero-Moreno, M. C. (2016). The concepts of power and violence in Hannah Arendt: an analysis from the point of view of communication. REVISTA PENSAMIENTO AMERICANO, 9(17), 54-66.

O›Driscoll, Dylan and Zoonen, Dave Van (2017). The Hashd al-Shaabi and Iraq: Subnationalism and the state. MERI: Erbil.

O›Hanlon, Michael E. (2005). Iraqi Without a Plan. Brookings. Available online at: https://www.brookings.edu/articles/iraq-without-a-plan/.

Oppler JR., Richard. A (2005) Iraq Vote Shows Sunnis Are Few in New Military. The New York Times. Published on 27th of December 2005. Availbale online at:
https://www.nytimes.com/2005/12/27/world/middleeast/iraq-vote-shows-sunnis-are-few-in-new-military.html Accessed 9th of March 2019.

Ottaway, Marina and Kaysi, Danial. (2009). Sunnis in Iraq, 6 years after Saddam. Carnegie Endowment for International Peace. Published on 10th of December 2009. Available online at:
https://carnegieendowment.org/2009/12/10/sunnis-in-iraq-6-years-after-saddam-pub-24292 Accessed 10th of March 2019

Pollack, Kenneth M.(2011). Iraq Back on the Brink: Maliki's Sectarian Crisis of His Own Making. Published at Brookings on 23rd of December 2011. Available at:
https://www.brookings.edu/opinions/iraq-back-on-the-brink-malikis-sectarian-crisis-of-his-own-making Accessed 10th of March 2019.

Rathmell, Andrew (2005). Planning post-conflict reconstruction in Iraq: what can we learn? Rand. Available online at: https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/reprints/2006/RAND_RP1197.pdf .

Ridolfo, Kathleen (2007). Iraq: Al-Qaeda Tactics Lead to Splits Among Insugents. Radio Free Europe. Available online at: https://www.rferl.org/a/1075915.html Accessed 9th of March 2019.

Stanford University, 2017. Mahdi Army. Mapping Militant Organisations. Available online at: http://web.stan-

ford.edu/group/mappingmilitants/cgi-bin/groups/view/57 Accessed 13th of March 2019.

Sullivan, Marisa. (2013). Maliki›s Authoritarian Regime. Middle East Security Report 10. Available online at: http://www.understandingwar.org/sites/default/files/Malikis-Authoritarian-Regime-Web.pdf Accessed 11th of March 2019.

Terrill, W.A., 2012. Lessons of the Iraqi De-Ba›athification program for Iraq›s future and the Arab revolutions. Lulu. com.

U.S Department of State, (2008). Agreement between the United States of America and the Republic of Iraq. Available at: https://www.state.gov/documents/organization/122074.pdf accessed 10th of March 2019

Williams, Timothy. (2010). Iraqi Sunnis expect allegiance shift to bear fruit. The New York Times. Published on 16ht of April 2010. Available online at:
https://www.nytimes.com/2010/04/17/world/middleeast/17sunnis.html Accessed 12th of March 2019.

Zinn, Cherish M. (2016). Consequesnces of Iraqi De-Baathification. Cornell International Affairs Review. (9)2.

Zwanenburg, Marten. (2004). Existentialism in Iraq: Security Council Resolution 1483 and the law of occupation. RICR. (86) 856.

## Abstract:

In 'On Violence', Hanna Arendt believes that there are major differences between concepts of 'Power' and 'Violence'; she even argues that these two concepts, are not just different, but also opposite to each other. Arendt states that power is the act of people in concert and aiming at something like common good; however, violence is about acting individually and depending on a tool, but not on the number of those who are engaging in the mater, as Arendt says. Based on this argument, this paper seeks to find out the nature of governance in post-2003 Iraq. It also seeks to address the parties and actors that play significant roles in governing people via using violence or non-violent tools. It also aims at identifying parties that are shaping power structure in this era. The paper suggests that post-2003 Iraq several states and non-state actors have been interacting. Their interaction has significantly left influences on the performance of the fragile state institutions. Although there were hopes and plans to shape the new era with inclusive governance strategies and make new Iraq a new home to its people regardless their sub-identities, until now this type of governance has not been achieved. This paper supports its arguments with examples within this era to argue that the authority of the newly established state apparatus has been fragile. This has allowed various forms of violence to gain attention and be used by both state and non-state actors. Therefore, in line with the arguments proposed by Arendt, power in new Iraq has not been strong enough to perform its expected duties. Instead, violence has been utilized as a tool to protect the fragile state bodies and to maximise the narrow interests of various active actors working within Iraqi society.



## الخلاصة

حنة آرنت في كتابها «عن العنف» تمييز بين السلطة والعنف، بخلاف الكثير من المفكرين السياسيين، يعتقد آرنت ان هذين المفهومين ليستا مترادفتين، وانما يتمايزان من حيث المصدر والاستخدام وحتى الغاية، يبين لنا آرنت ان السلطة يمكن لها ان تستخدم العنف او لربما العنف تسيير السلطة، ولكن ذلك لا تعني ان المصطلحان مترادفتان من حيث المعنى، بل ان لكل منهما خاصية تجسد اتجاه معين. آرنت يعترف ويقر ان السلطة تلجا الى استخدام العنف من اجل بقائها، او لغرض تفادي الانهيار، ولكن يعتقد ان هذا الشكل من اللجوء الى استخدام العنف، وبالرغم من انه من جانب الحاكم، ليس فقط لا تمتلك الشرعية، بل يضع السلطة برمته امام تساؤل تحدي شرعيتها. العراق ما بعد ٢٠٠٣ تجسد نموذج دولة، فيها اكثر من مركز للقوة، فمن ناحية تمتلك مؤسسات الدولة السلطة والقوة الشرعية لمؤسساتها، بحيث لديهم القدرة على التحكم واحتكار العنف وفقا للقانون، ولكن في نفس الوقت لا يتوانون في استخدام العنف. ومن جهة اخرى هنالك جماعات وطوائف وقوى خارجة عن السلطة يمتلكون القوة كامر واقع للحال في المشهد السياسي العراقي، اضافة الى دورهم الفعال في ادارة الدولة ومؤسساتها، الا ان ممارسة العنف جسدت عن احدى ميكانيزماتهم كمبدأ وليس كخيارهم الثاني، للتاثير اكثر على السلطة. في بحثنا هذا حاولنا، تحليل وتطبيق كلتا المصطلحين السلطة والعنف لدى حنة آرنت في العراق لفترة ما بعد ٢٠٠٣ الى الان، بغية تحليل فيما اذا كان التي تدار بها الحكم في العراق تجسد السلطة ام العنف؟ هل امكن للحكام والقابضين على السلطة في العراق التخلي عن ذلك الالية والميكانيزم التي تعتمد عليها المتمردون؟ واخيراً هل الكلمة الاخيرة في مسالة ادارة الدولة العراقية هي للسلطة ام للعنف؟ هذا البحث بالاعتماد على اطار نظري، التي تمثل نفس منهج آرنت لفصل السلطة عن العنف، يحاول الاجابة علة جملة التساؤلات التي طرحناها، ويهدف في هذا السبيل الى ان يحلل طبيعة القوة، السلطة، العنف، في العراق الراهن.